


# ژیانی منیش دەیان چیرۆك لەخۆ دەگرێ

بەشی یەکەم

سەردار هەولێری

کوڕانی خێزانە هەژارەکان دووچاری دەیان مەینەتیو دەردەسەری دەبنەوە. کاتێ هاوسەرگیریشیان دێ دەرگەکانی کوێرەوەری بەروویاندا گەورەتر دەبنەوە. خۆزیا دایكو باوکان بەرلەوەی منداڵ بەرهەم بێنن، بەوردی بیریان لەداهاتووی منداڵەکانیان دەکردەوە. ئەگەر دایکانو باوکان لەبەرهەمهێنانی منداڵدا بەرنامەڕێژیان هەبێ، چارەنووسی جگەرگۆشەکانیان ڕۆشنو گەشاوەتر دەبێ، بەڵام کاتێ لەکۆمەڵگەیەکی کۆنەپارێزو ژێردەستەی وەکو کوردەواریدا ژنو مێرد لەسەر داوای دیترانەوە منداڵ دروست دەکەن، خاڵو شوێنێك بۆ بەرنامەڕێژی نامێنێتەوە، ژن دەبێ بەکارگەی بەرهەمهێنانی منداڵو شیرێژە دەکات، پیاویش وەك ئامێری کارکردن هەڵدەسوڕێو بژێوی خێزان لەئەستۆ دەگرێ.

باوکم کرێکاری دەکردو دایکیشم ساڵ دوای ساڵ منداڵی بەرهەم دەهێنا. من نۆبەرەیان بووم، ئەوان چاوەڕوانی گەورەبوونی منیان دەکرد، پەلەیان بوو تا هەرچی زووترە پێبگەمو سەرپەرشتیو بەخێوکردنی خوشكو براکانم لەئەستۆ بگرم، یان لانی کەم پارسەنگی بژێویان بۆ راستبکەمەوە. لەتەمەنی 8 ساڵیەوە رێگەی کاریان پێشاندام. دوای ئەوەی پۆلی دووەمی سەرەتاییم تەواو کرد، باوکم فلینەیەکی بۆ کڕیم، منیش دەچووم کرێمستیم لەکارگەی ساردەمەنی شیرینو فەرهاد دەکڕیو کۆڵان بەکۆڵان دەگەڕام. سەرباری ماندووبوون قازانجیشی تێدابوو. ئیتر هاوینان ئیشم دەکردو زستانانیش لەقوتابخانە دەمخوێند. کاتێ ئامادەییم تەواو کردو ناوی سەربازیم هات، ئێمە 7 براو 5 خوشك بوون. دەرفەتی ئەوەم نەبوو کە بچمە زانکۆو درێژە بەخوێندن بدەم. بەناچارییەوە جلی سەربازیم لەبەر کرد. هەندێ لەبراکانم شوێنی منیان گرتبۆوە. هاوینان کاریان دەکردو زستانانیش دەیانخوێند. خوشکەکانم بەردەستی دایکمیان دەکردو لەماڵەوە هاوکاریان دەکرد. هەر جۆرێ بوو سەربازیم تەواو کردو گەڕامەوە. کاتی هاوسەرگیریم هاتبوو. دایکمو باوکم حەزیان دەکرد ژنم بۆ بهێنن، بەڵام پارەمان نەبوو. ئەوان بیریان لەوە دەکردەوە یەکێ لەخوشکەکانم بەشوو بدەنو بەنەختی ئەو ژن بۆ من بهێنن. من حەزم بەو کارە نەدەکرد. بەتاوانێکی گەورەشم دەزانێ. خوشك تاوانێ چیە وەك کوێلە بفرۆشرێو نەختەکەشی بە براکەی بدرێت؟!.

خزمو ناسیاو، دۆستو برادەر هەموویان سەرکۆنەیان دەکردمو دەیانپرسی: کەنگێ زەماوەند دەکەیت؟. خۆ نیازت نیە بەرەبەنی بمێنیتەوە؟!. ئیتر منیش وەك هەر گەنجێکی دیکە کەلکەلەی ژن هێنانم لەلا پەرەی سەند. یەکێ لەخوشکەکانم داخوازی هاتو رێگەی خۆی گرت. لەنەختی ئەو هەزار دینار بۆ من گلدرایەوە، بەڵام بەو پارەیە ژنم بۆ نەدەهات. هەر ژنهێنانیش نەبوو، دەبووایە خانووش پەیدا بکەم. ئێمە خانووی خۆمان نەبوو، شوێنەکەشمان بۆ ئەوە نەدەبوو ماڵی منیشی تێدابێ. خوشکێکی دیکەشم شووی کرد، لەنەختی ئەویش هەندێ پارە بۆ من گێڕدرایەوە. دیسانیشەوە ژنم بۆ نەدەهات. سەرەنجام من بۆ خۆم بێوەژنێکی دەوڵەمەندم دۆزیەوە، ماڵەوە رێگریان دەکردو نەیاندەهێشت، من گوێم بەقسەی ئەوان نەدا. دواتر دایکمم رازیکردو ئەویش باوکمی نەرم کرد. براو خوشکەکانم هەر هەموویان دژ بوون. ئاکام لەگەڵ ئەو ژنە ژیانی هاوبەشم پێکهێنا. بەو هۆیەوە هەم زەماوەندم کرد، هەمیش بووم بەخاوەن خانوو. هاوسەرەکەم ژنێکی خوێندەوارو رۆشنبیر بوو. ژیانێکی بەختەوەری بۆ دروست کردبووم رەفتارو گوفتاری لەگەڵ خزمانم رێكو پێك بوو، سەرنجی هەموویانی بۆ لای خۆی راکێشابوو، کەچی قسەوقسەلۆکی خزمانو خەڵکی تەواو بێزاریان کردبووم. هەندێ لەوان توانجیان لێدەدام. گوێم لێدەبوو دەیانگوت: بزانە ئەو گەنجە جوانە چۆن خۆی خەسار کردووە، ژنە پیرەو منداڵی نابێ. رۆژانە گوێم لەدەیان توانجو پلار دەبوو. من نازانم من ژنم هێنابوو یان ئەوان؟!. نازانم ئەو قسانە دوای زەماوەند چ سوودێکی بۆ ئەوان هەبوو. توانجو قسەلۆکەکان رۆژانە دووپات دەبوونەوە، وردە وردە کاریگەری خۆیان لەسەر هزرو لێکدانەوەم دادەنا، هەندێ جار لەدڵەوە پەژیوان دەبوومەوە. هەستم دەکرد ئەگەر وا بڕوات ژیانم لێ تاڵ دەبێ دەبێ لێی جیاببمەوە. لەو سەروبەندەدا منالێکمان بوو، منداڵێك وەك چرا ماڵەکەمانی رۆشن کردەوە. جارێکی دیکە ورەو خۆڕاگریم پەیدا کردەوە، بەڵام شاڵاوی قسەو توانجی دیتران کۆتایی نەهات. ئەگەر منداڵەکەمیان دەدی، لەجیاتی ئەوەی هیوای تەمەن درێژی بۆ بخوازنو پیرۆزباییم لێ بکەن، لچیان لێ هەڵدەهێناو سەریان بادەدا. هاوسەرەکەم تەواو نیگەرانو پەرێشان بوو، بەردەوام هانی دەدام تا قسەی خەڵکی کارم لێنەکاتو ژیانمان لێ تێکنەچێ.



دەبێ راستوێژانە بڵێم کە لەسایەی ئەو ژنەوە تەواو چاوم کرابۆوە، دەوروبەری خۆم ناسی بوو، هەستم بەئاسوودەییو بەختەوەری دەکرد. ماڵێکی گەرمو گوڕم هەبوو. من وەك فەرمانبەر دامەزرابووم، مووچەکەم بەشی ئەوەی نەدەکرد کە خێزانێکی پێ بەخێوبکەم، بەڵام خانوومان بەکرێ نەبوو، هاوسەرەکەم چەند دوکانێکی هەبوو، مانگانە کرێی وەردەگرتو دەیخستە سەر مووچەکەی من. بەکورتی لەهیچمان کەم نەبوو. ئەگەر خزمو ناسیاوان وازیان لێمان بهێنابایە شایانە دەژیاین. بەداخەوە لەم وڵاتەدا ئێمە بۆ خۆمان ناژین، لەسەر ئارەزووی خەڵك جلو بەرگ دەکڕین، هاوسەر هەڵدەبژێرین، سەیارەو خانوو دەکڕین. بۆ خەڵك منداڵ دروست دەکەین............ جائەگەر مرۆڤیش بۆ خۆی نەژیاو بۆ خۆی رەفتاری نەکرد بێگومان زیانی پێ دەکەوێو پەشیمان دەبێتەوە

ماوەی 6 ساڵ بوو خۆم لەقسەو قسەلۆكو لەتوانجو پلارەکان کڕ کردبوو، باگۆی کەسم نەدەدایەوە. منداڵەکەمان گەورەبوو بوو. هەندێ جار دەستی منداڵەکەم دەگرتو دەچووینە ماڵی باوکم. دوای من هیچ گۆڕانێك بەسەر ماڵی باوکم دانەهاتبوو. سێ خوشكو 6 براکەم لەماڵ مابوون. ئەوانیش گەورەببوون، لەگەڵ یەکدی بەشەڕ دەهاتن، ناکۆکیان لەناو پەیدا بوو. خوشکەکانم بەرگەی لێدانو تێهەڵدانی براکانیان نەدەگرت. جارێکیان ئێمە بەسەر شەڕو ئاژاوەیان داچووین. من برا گەورەیان بووم، هاوسەرەکەشم براژنیان بوو، ویستمان ئامۆژگارییان بکەین، کەچی دایکم وەك فیشەکە شێتە بەڕووی هاوسەرەکەمدا تەقیەوە، ئەوی تۆمەتبار کرد، ئەوەی هاتە سەر زمانی نەیگێڕایەوە. دەیان جنێوی ناحەزی پێدا. هەستی بریندار کرد، ئەویش سەیری منی دەکرد تا پشتیوانی لێ بکەم، بەڵام من نەچوومە نێوانیانەوە. هاوسەرەکەم بە گریانەوە بەجێیهێشتینو رۆیشتەوە. کە ئەو رۆیشت ئەوجار ئەوان شەڕو ئاژاوەی خۆیان لەبیر چوو، بەهەموویان سەرکۆنەی منیان کرد. منیان بەبێ دەستەڵاتو لەژن ترساو ناودێر کرد. هەموویان یەکسەنگەر بوونو پەلاماری منیان دەدا. داوایان دەکرد ئەگەر تەڵاقی بدەیت، ئەوە سەدان کچ دەستت ماچ دەکەن. دەیانگوت: تۆ لەچیت کەمە، فەرمانبەریو مووچەی خۆت هەیە. خوێندنت تەواو کردووە، جوانو جاحێڵی، هاوتەمەنانی تۆ هێشتا ژنیان نەهێناوە. دایکم دەیگوت: ئەگەر خوا بکات ئەو ژنە لەکۆڵت بێتەوە، مەرج بێ کچێکت بۆ بخوازم کە هەموو خەڵکی ئیرەییت پێ ببەن. من کچێکم بۆت دۆزیوەتەوە کە لەبنەماڵەیەکی ناسراوو خانەدانە، خوێندەوارە، مامۆستایەو مووچەی خۆی هەیە. ئەو دەیگوت: ئەو ژنەی ئێستات تەمەنی گەورەیەو چیتر منداڵی نابێ، دوایین بەرەی لەلای تۆ دانا. ئەگەرچی ئەو قسانە جگەریان تیکە تیکە دەکردم، بەڵام دیسانەوە هاوسەرەکەی خۆم خۆشدەویستو داکۆکیم لێدەکرد. ئەو رۆڵی لەشەڕو ئاژاوەی نێوان خوشكو براکانمدا نەبوو، کەچی لەخۆڕاوە تۆمەتباریان دەکرد. دایکمو براکانم لەنێوان دوو شت سەر پشکیان کردم: یان وازهێنان لەهاوسەرەکەم یان وازهێنان لەوان!.

هاوسەرەکەم هیچ خراپەیەکی بۆ ئەوان نەبوو، دەمزانی لەخۆڕاوە رقیان لێدەبێتەوەو چاویان پێهەڵنایەت. جاران دەیانگوت پیرەو منداڵی نابێ. منداڵمان بوو، دەیانگوت ئەوە دوایین بەرەیەتیو چیتر منداڵی نابێ. من دەمزانی خێزانەکەم رۆشنبیرەو حەز بەمنداڵی زۆر ناکات، خۆشم ئەزموونم هەبوو، دەمویست تا داهاتوو رۆشن نەبێ، لەخۆڕاوە منداڵ نەهێنمە دونیاوە.

ئەو رۆژە خەمبارو دڵتەنگ بەرەو ماڵ دەگەڕامەوە، هەزاران لێکدانەوە لەمێشکمدا دەخولانەوە. هاوسەرو منداڵەکەی خۆمم خۆشدەویست، نەمدەویست وازیان لێبهێنمو لێیان دوور بکەومەوە. هەروەها ئامادەش نەبووم لەخۆڕاوە دەستبەرداری خوشكو براو دایکم بم. من سەرم لەو هاوکێشەیە دەرنەدەچوو، بۆچی لەو کاتەدا ئەو مەسەلەیە گەورەکراوەتەوەو تەقێنرایەوە، ئاخر شەڕ لەنێوان خوشكو براکانم دابوو، نەك لەنێوان هاوسەرو دایکم؟!. کاتێ هاتمەوە ماڵ بینیم هاوسەرەکەم دەڕشێتەوە، کچەکەشم بەدیاریەوە راوەستاوەو دەگرییێ. کە ئەو دیمەنەم بینی هەموو شتێکم لەبیر چووەوە، بەپەلە خۆم گەیاندە لایانو پرسیم: ئەمە چییە؟ چی روویداوە؟!. هاوسەرەکەم سەری بەرز کردەوەو ویستی وەڵامم بداتەوە، بەڵام کچەکەم بەرایی لێگرتەوەو گوتی: ( باوکە کە لەماڵی داپیرە دەرچووین، دایکم ساتمەی کردو بەربووەوە). ئەوسا جامەکەی هەڵگرتو بردیە دەرەوە. کە ئەو چووە دەرێ، هاوسەرەکەم گوتی: خۆت نیگەران مەکە هیچ نیە، باردارم بۆیە دەڕشێمەوە.



گۆشەی دەدوون
دونیا

# سێوی لوبنان

لوبنانی جاران نیشتمانێکی خۆشو دلگیر، چاککەرەوەی هەزاران نەخۆشی دەروونیو بەدەنی، کۆمەڵگەیەکی فرە مەزهەبو ئایین، بەڵام زۆر گونجاوو یەکگرتوو، وولاتێکی دیموکراتیو علمانی خاوەنی ئینتمایەکی نیشتمانی تایبەت، مافەکانی مرۆڤی تیا پارێزراوبوو، سەندیکا جۆراوجۆرەکان رۆڵی خۆیان دەبینی، پڕ بەمانای خۆیان. رۆژنامەگەری لوبنان لەئازادیدا وێنەی کەم بوو، ئابوری لەخزمەتی گەلدابوو، دادوەریو یەکسانی بەرقەرار بوون، زانست بۆ هەمووان، تەندروستی بۆ هەمووان بوو... هتد.

ئەم بەهەشتە خۆشە کێو بۆچی وای لێکرا؟!.

سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لوبنان وەکو دەوڵەت نەبوو تەنها (جبل لوبنان) هەبوو کە زیاتر (دورزییەکانو مەسیحیەکان) دەیانبرد بەڕێوە، مارۆنیەکان تایفەی بەرچاوی ناو مەسیحیەکان بوون. لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، لەسەر کێشەی زەویو زار (دورزییەکانو مەسیحیەکان) شەڕێکی خوێناوی لەنێوانیاندا دروست بوو، بەڵام لاوازی دەسەڵاتی عوسمانییەکان وای کرد کە (فەرەنساو بەریتانیاو نەمسا) هەستن بەئاشکراکردنەوەیان، تا دوای جەنگی یەکەمی جیهان، وولاتەکە بوو بە بەهەشتی سەرزەمین.. ساڵی 1921 مارۆنیەکان بەپاڵپشتی پرۆژەیەکی فەرەنسی بڕیاری دروست کردنی لوبنانی گەورەیاندا کە (جبل لوبنانو شاری سەیداو کەمێك لەخاکی سوریا) دەگرێتەوە، ئیسلامەکانی (سوننەو شیعە)و دورزییەکان دژی ئەم پرۆژەیە بوون..

لەراستیشدا پرۆژەکە هەندێ کەمو کوڕی تیابوو، جگە لەکێشەی سوریا، شاری (سەیدا) کە لەباشووری لوبنانە، زیاتر مامەڵەیان لەگەڵ فەڵەستینییەکان بوو، بەتایبەتی دوای گەشەکردنی ئیسرائیل بوو بەناوچەیەکی خنکاوی پڕ لەشەڕوشۆڕ.

دەسەڵاتی سیاسی لوبنانی پەرلەمانیەو دەبێ هەمیشە شیعە سەرۆك پەرلەمان بێت، سەرۆك کۆمار کە پەرلەمان دیاری دەکات، مەسیحی بێتو سەرۆکوەزیران (سوننە) بێت. دیارە دورزییەکان لەو هاوکێشەیەدا فەرامۆش کراون... ساڵی 1943 لوبنانی گەورەی سەربەخۆ راگەیەندرا... دروست بوونی ئیسرائیلو پشتگیری کردنی لەلایەن ئەمریکاو بەریتانیاوە بەرژەوەندییەکانی فەرەنساو روسیای لەناوچەکە خستە مەترسییەوە، ئەمان هانی عەرەبیاندا کە بچن بەگژ ئیسرائیلدا، عەرەبیش خۆی هیچی لەباردا نەبوو، بەڵام شۆڤێنیەتییەکەیان زیاتر پاڵی پێوەنان بەرەو ئەو جەنگە دۆڕاوە.. لوبنانی قوڕ بەسەر بوو بەژێر پێوەو تووشیان کرد (کورد وتەنی گورگان خواردیان کرد). ئیسرائیل باشووری لوبنانی داگیرکرد چونکە فەڵەستینییەکان ئەو ناوچەیەیان کردبووە بنکەی خۆیان، ئەم پشتوێنەیەکی ئەمنی بۆخۆی دانا، سوودێکی زۆری لەئاوی ناوچەکەش بینی.

بێ دەسەڵاتی عەرەب لەلایەكو هاتنەسەر حوکمی دەستەیەکی شیعەی توندڕەو لەئێرانو دەست تێوەردانی فەرەنساو سوریا لەرەسم کردنی بڕیاری سیاسی لوبنانی، هەموو ئەوانەو گرمۆڵە بوونو کۆمەڵ بوونی هەموو ئەو هێزو میلیشیاو تایفە جیوازانە لەرووبەرێکی بچووکی وەکو لوبنان بووەهۆی بەرپابوونی شەڕێکی ناوخۆی گەورەو لوبنان بوو بەگۆڕەپانی ساغ کردنەوەی بەرژەوەندییە جیاوازەکان. تەنانەت لەنێوان عەرەبەکان خۆشیاندا. ساڵی 1989 – 1990 (میشێل عۆن) کە لەلایەن حزبی بەعسی عێراقییەوە پشتیوانی لێ دەکرا، لەشەڕدا دۆڕاو ئەو باڵەی کە ئێرانو سوریا پشتیوانیان لێ دەکرد بەتایبەت (حزب الله) سەرکەوت.. ئەم سەرکەوتنە بۆ شیعەکان زۆر گرنگ بوو بۆیە پێش وەخت توانیان لەپەیماننامەی (تایف) تایبەت بەئاشتی لوبنان ئەوە بسەپێنن کە ئەم حزبە چەك نەکرێ هەتا ئەو رۆژەی ئیسرائیل لەباشوور دەگەڕێتەوە..

ئیسرائیل گەڕایەوە، نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو راستیەیان سەلماند کە ئێستا سوپای ئەو وولاتە لەسەر خاکی لوبنان نەماوە.. ئەی بۆچی (حزب الله) چەکی دانەنا؟. ئەی ئەم شەڕو هەڵچوونەی دوایی بۆچی؟. ئایا گرتنی تەنها دوو سەربازی ئیسرائیل هۆکاری ئەم شەڕەیە یان هۆکاری دیکە هەیەو ئەمە تەنها فتیلەی شەڕبوو؟. ئایا داخی گەڕانەوەی سوپای سوریا لە لوبنانو دانانی ئەو وولاتە لەناو لیستی تیرۆر هۆیەکی گرنگ نییە لەوشەڕە نوێیە؟. ئایا کێشەی نەوەوییەکەی ئێرانو هەڕەشە لێ کردنی تا چەند رۆڵی هەیە لەو کێشەیەو پشتیوانیکردنی (حزب الله)دا؟. ئەوانەو چەندەها پرسیاری دیکە ئەمان خاتە سەر بڕوایەك کە پیلانێکی گەورە لەناوچەکە بەدەستەوەیە کە بەمسۆگەری پریشکی بەر کورد دەکەوێت ئەگەر بەژیری رەفتاری لەگەڵدا نەکرێت، بەڵام زانا ئەو کەسەیە شیعرو خەونەکەی (موفتی پێنجوێنی) بێنێتەدیو کوردستان بکات بە لوبنانی جارانو نەخۆشەکان سێوی کوردی بخۆن.

# ئاشکرابوونێکی سەیر، کچان لەمەیدانی ئاژەڵاندا دەفرۆشرێن

خاتوو (رۆدا ئاسن) پەرلەمانتێری ئۆگاندا ئاشکرای کرد کە رۆژانی شەممە لەنێو بازاڕی ئاژەڵانی هەرێمی کاتاکۆی، کچانیش لەتەك مانگاو بزنو مەڕ رادەگیرێنو دەفرۆشرێن. هەرچەندە قسەکانی ئەو خاتوونە لەئەفسانە دەچوو، بەڵام دیسانەوە لەسەر خواستی ئەو شاندێك سەردانی هەرێمی کاتاکۆی وڵاتی ئۆگاندایان کردو



راستی قسەکەی سەلمێندرا. دواتر هێزێکی پۆلیس توانیان لەناو هۆزی کاراموجەنگ بازاڕێکی لەو شێوەیە بدۆزنەوەو 18 کچیش رزگار بکەن.

هۆزی تۆرکانە کە هۆزێکی رۆحپەرستنو پۆشینی جلو بەرگ بەحەرام دەزانن و لەئەفریقیادا بە رووتی دەژین، تا ئێستا دەوڵەتو رێبەرانی ئایینی مەسیحی نەیانتوانیوە ئەو هۆزە لەدابو نەریتی خۆیان دوور بکەنەوەو باوەڕیان پێ بهێنن کە دەبێ جلوبەرگ لەبەربکەن. ئەم هۆزە بوونەتە بەڵایەکی گەورە بۆ پێشکەوتنو بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەکیشوەری ئەفریقیادا. هەندێ لەحکومەتەکان ناچار کە رێگەی خۆپاراستن لەبەرانبەر ئەو هۆزە بگرنە بەر. بۆ ئەم مەبەستە پازدە ساڵ لەمەوبەر سوپای ئۆگاندا هۆزی (کاراموجەنگ)ی چەکدار کرد، تا رێگری لەئاژەڵدارانی هۆزی تۆرکانەی وڵاتی کینا بکەنو رێگەیان نەدەن سنوور ببەزێنن. کەچی ئەو هۆزە چەکدارە 5 ساڵ لەمەوبەر شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ هۆزێکی دیکەی ئۆگاندا دەست پێکردو زیاتر لەسێ هەزار کەس تیاچوون. ئەو هۆزە مردووانی خۆیان ناخەنە ژێر خاکەوە، لەوباوەڕەدان کە دەبێ تەرمی مردوو لەشوێنی جێبهێڵرێ تا هەڵۆ گۆشتەکەی بخوات. بڵاوبوونەوەی تەرمی هەزاران کوژراو لەیەك کاتدا گرفتێکی گەورەی لەشساغی لەو وڵاتەدا دروست کرد. دەوڵەت ناچاربوو کە چەك لەو هۆزە وەربگرێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ساڵی رابردوو سوپای ئۆگاندا بەمەبەستی چەککردنی ئەو هۆزە شاڵاوێکی بەرفراوانی دەستپێکرد، زۆرێك لەپیاوان ئامادە نەبوون چەکەکانیان دابنێن، ژمارەیەکی زۆر رایانکردو خۆیان لەنێو جەنگەڵەکاندا شاردەوە، وازیان لەژنو منداڵەکانیان هێنا، بەمەش ژمارەیەکی زۆر ژنو منداڵ بێ سەرپەرشتو بێ خۆراك مانەوە. بەشێك لەدایکانی ئەو خێزانانە ئێستا ناچارن بۆ بژێوی رۆژانەیان کچانی خۆیان بفرۆشن. بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ دەڵاڵەکان بەپارەیەکی کەم ئەو کچانە لەبنەماڵەکانیان دەکڕنو دەیانبەن لەمەیدانی ئاژەڵاندا رایاندەگرنو بەنرخی 100 تا 200 دۆلار دەیانفرۆشنەوە. بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ تا ئێستا هەزاران کچ لەو مەیدانانەدا فرۆشراون. ئەمە نەك هەر دیاردەیەکی سەیرو نابەجێیە، بەڵکو کارەساتێکی مرۆڤایەتییەو لەسەردەمی جیهانگیرییدا پەرەی گرتووە.